-عبدالقادری دەباغی-

چەند دێڕێك لە مێژوو

بەشی یەکەم

مێژوی خوێناوی نەتەوەی کورد زۆر کارەساتی بە خۆیەوە دیوەو سینگی پڕ لە بەسەرهاتە ، گەرچی بەهۆی تێکۆشانی مێژوو نووسانی دڵسۆزو دڵمەند بەرابوردوی نەتەوە زۆربەی کارەساتە خوێناویەکان ، لاپەڕەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەك بەختی خاوەن مێژووەکە ڕەش کردۆتەوە .

گەرچی بەتەوهیمەتی مێژوو نووسانی بە وەجو نیشتمان پەروەر درۆوو بوختانی مێژوو نووسانی داگیرکەران یا ڕوانگەی چەوتی گەریدەکانی هەندەران بە درۆ خراونەتەوەو ڕوانگەی دوژمنانەیان بە مەنتیقو ڕاستی ئاشکرا کراوە ، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرەتان بۆ نووسەرانی کورد لەبەر دەسەڵاتی بێ سنوری دوژمنان بەداخەوە تیشکی ڕوناکیو ڕاستی نەیتوانیوە بە تەواوی دڕ بە تاریکی بداتو ڕوداوەکان بەراستیو بە و چەشنە کە بوون بکەوێتە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکەوە .

خوێنەری ئازیز :-

پتر لە حەفتا ساڵە کارەساتێکی دڵتەزێن لە کوردستانی ئێراندا قەوماوە ، ڕوداوێکی گرینگی مێژوویی کە لەوانەبوو - ئەگەر سەرکەوتوبوایە - نەخشەی خۆر هەڵاتی ناوەراست بگۆڕێ ، هاتە مەیدانوکتو پڕیش لە ناوچوو . چوار کوردی دلێرو دڵسۆزبوون بە قوربانی ئەو نەخشەیە . چوار گەورە پیاوی ناوداری کوردستانی ئێران بە سێدارەی بێ دادی دوڵەتی عوسمانی داگیرکەر هەڵاوەسران . ئەو کاتەش وشەی پیرۆزی -ئیسلام- دار دەستی خەلیفەو هۆی وێرانیو خوێن ڕێژیو قاتو قڕیبوو . هەر وەك ئێستا کە تاقێ دین فرۆشی بێ دینو شەڕ فرۆش ئێرانیان بەم دەردە بردو سەدان هەزار لاویان بە کوشتن داو سامانی ولآتیان لە تەنووری شەڕی بێ هودەدا سووتاندو هێشتا هەر دەنگی شوومی شەڕ ، شەڕو هەر شەڕیان گوێی ئینسانیەت ئازا دەدات .

ئەو کوردە ئازادی خوازانەش بە تاوانی دژایەتی لە گەڵ شەڕی رووسو عوسمانیو بە تاوانی ئەوەی کە بۆیێك هێنانی کوردستانێ کە نە مەحکومی عەجەمو نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بێ هەوڵیان‌داوە .

شەهید کرانو قارەمانانە گیانی شیرینو گشت سەروەتو سامانیان پێشکەشی نەتەوەو نیشتمانکرد . بەڵام سەد موخابن لەم ماوەی حەفتا ساڵەدا جگە لەیەك دوو جێ نەبێ ناوێ لەو شەهیدە ئازیزانە نەبراوەو چۆنایەتی ئەو دیاردە مێژووییە نە نووسراوە .

لەبەر ئەوە گەرچی دەستم بە هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ ناگاتو لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەکیوا ، لە حکومەتی شوومی ئاخوندی ڕەگەز پەرست بەکوفر لە قەڵەم دەدرێ لە ژێر هارەی فڕۆکەو گرمەی تۆپو شریخەی تفەنگی پاسدارانی تاریکیو نەزانیدا ، هەر ئەوەندەم توانی کە چەند دێڕێ لەو بەسەرهاتە تاڵە بنوسمو ئەوەندەی لە وزەمدابوو هەوڵی بۆ بدەم . هیوام وایە سەرنجی بەرەی نوێ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی ڕاکێشیو ڕۆڵە دڵسۆزە نیشتمان پەروەرەکان هەوڵ بدەن ناتەواوی تەواو بکەن . بۆ پیرۆزیو فەر باسەکەم بە باسی قەڵەندەرێکی دڵ سوتاوی کورد کە جەرگی بە ئاگری پیرۆزی ئەشقی یەزدانیو ئەوینی نیشتمانی سووتابوو ، بە باسی شێخ بابای غەوس ئابات دەڕازێنمەوەو هیوام وایە پەسەند بکرێ .

«شاعیرو عاریفی شەهید شێخ بابای غەوس ئاباد»

لە کوردستانی ئێراندا ناوچەی موکریان مەڵبەندی زانایانو شورشگێرانەو لە گشت دەورو زەمانێکدا بە هۆی باری ستراتیژیو دەشتی پڕ پیتو بەرەکەتو کانیاوو روبارو بەندو جۆبارو کوێستانی بەرزو سەرکێشو پڕ گوڵو گیاو لەوەرگەی زەنوێرو لە برێ شوێندا لێرەوارو دارستانو باخ وباخاتی رازاوەو جوان کانگای شاعیرانی دڵتەرو ناسك خەیاڵو مەقام بێژانی دەنگ خۆشو بە کوردیو بە کورتی ، ناوەندی نیشتمان پەروەریو دڵداریو کانگای سەفاو وەفابووە . داخی گرانم بە هۆی زاڵ بوونی رژێمی فیوداڵیو دەرەبەگیو شەری ناوخۆو هێرشی پەیتا پەیتا نێوانی رۆمو عەجەمو رووسو عوسمانیو ئێران ، زۆربەی زۆری بەرهەمی ئەدەبیان فەوتاوە . یا بە نرخێکی هەرزان فرۆشراوە . یا بە دەس نەزانانو داگیرکەرانەوە تالآن کراوەویاشا ردراوەتەوەو لەبن زەوی یا لە شاخو ئەشکەوتا رزاوە .

یەکێ لەو شاعیرە عاریفانەی کە هۆی شانازی کوردە ، نیشتمان پەروەری پایە بەرز شێخ بابا سەعید «صدر السادات»ە کە بە شێخ بابای غەوس ئاباد بە ناوبانگە . بە داخەوە سەبارەت بەو زانا پڕ هەستەو لە چاپ‌دانی بەرهەمەکانی لە هیچ لایەکەوە هەنگاوێ هەڵنەگیراوەو هەوڵێ بۆ بلاو کردنەوەی نەدراوە ، گەرچی چەند دەرفەتی لەباریش رەخساوە . منیش هەرچەند گەرامو پرسیارم‌کرد ، جگە لە رۆژنامەی -کوردستان-ی سەردەمی کۆمار ، کە خوالێ‌خۆش‌بوو - سید محمد حمیدی - لە زنجیرە وتارێ لە ژێر سەر دێری - زانایانی کورد دا بلاوی دەکردەوە هیچ بەڵگەیەکی نووسراوم وەدەست نەکەوت . وام بە باش زانی کە بەکەڵك وەرگرتن لەو تاقە سەرچاوەو قەسیدەیەکی بەرزو شاکاری ئەدەبی بە ناوی «بەرەو موکریان»و پرسیار لە شارەزایانو پیران ، بۆ ناساندنی ئەو ئەدیبە شەهیدەو هاورێیانی سەرنجی لاوانی دڵمەندو پێگەیشتوو دڵسۆزانی بە ئەمەكو تێگەیشتوو دڵسوتاوانی مێژوی خوێناوی نەتەوەی کورد بە تایبەتیو بەسەرهاتی ئەدیبانو عاریفانو نووسەرانی گەلو فیداکاریو نیشتمان پەروەری باوو باپیران بە گشتی راکێشم وەبەبلاو بوونەوەی ئەم وتارە لە گۆڤاری هێژای - کاروان-ی ئازیز چاوەروانم خوێنەرانی خۆشەویست هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە بەرهەمی بلاونەکراوەی هۆنەرانی هونەرمەندو ون ناو بۆ کاروان بنێرن . بەڵکو بەو خزمەتە گەنجینەی ئەدەبیاتو وێژەی کوردی دەوڵەمەندوترو گیانی پاکی شەهیدان زیاد شاد کەن .

بە باشم زانی دەقی تاقە بەڵگەکەم وەك خۆی بنووسمو خرە دەسکاری نەکەم .

رۆژنامەی -کوردستان- ژمارە - ١٥ ساڵی یەکەم ، شەموی -٢٧-ی رێبەندانی (١٣٢٤) بەرامبەر بە -١٦-ی فوریە ١٩٦٤ی زاینی . «زانایانی کورد» .

-شێخ بابا سەعید . نووسینی - سید محمد حمیدی-

«شێخ باباکوری شێخ سمایلی کلاو قوچ ، کوری سید محمد کوری بابا سعیدەو بە -صدر السادات- ناوبانگی رۆیشتوە . شێخ بابا لە حدودی ساڵی (١٢٥٣) هەق لە دێی قولەری ناوچەی بۆکان لە دایك‌بووە . سەرەتای خوێندنی لای - میرزا سەلیم -ی شاعیر بووەو لە کن - مەلا عەلی قزلجی - لە تورجان - وەمەلا - عبدالله پیرباب -و - لە وەتەمیش - خوێندویەتی . عیرفانی لە خزمەت (کاك ئەحمەدی سلێمانی) خوێندەوەو ئیجازەی ئیرشادی لە شێخ مارفی کانی کەوەیی وەرگرتو بەو کارەوە زۆر خەریك‌بوو .

موریدێکی زۆری ئێستاش ماون . شێخ بابا بە هاودەستی شێخی شەهید - شێخ عبدالقادری نەهریو سیف‌الدین خانی سەقزو حەمە خانی بانەو حەمە حوسەین خانی سەردار ، زۆری لەسەر سەربەخۆیی کوردستانی زەحمەت کێشا . لەم بابەتەوە دەگەڵ ئیمپراتۆری روسیەی تەزاری عەلاقەیەکی باشیان هەبوو . بەلام وەلامی ئەم عەلاقەیەیە بە - عومەر ناجی بەگ -

فەرماندەی تورکان گەیشت‌و ئەویش شێخ بابای بە دیل گرت‌و بێ موحاکەمە لە دێی -کەرێزەی گڵی- لە قەراخ قەبرستان ـەوەرزی -١٣٣٣ -هـ. ق - وەك‌و باقی هاوڕێکانی هەڵواسی‌و هەر لەوێ شاردراوە. پاش هەشت مانگ کە عوسمانیەکان توون بە توون چوون جەنازەکەیان بەدێ - قولەر - نەقڵ کردو دەفنیان کرد. شێخ بابا لە شاعیرە بەرزەکانی چەرخی چاردەهەمی هیجریە. دیوانی - سعیدیەو مەعنەویەی چاپ نەکراون. لە فەنی تەبابەتدا زۆر بە لەد بووەو بە کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی شیعری گوتوە. ئەم شیعرانە نمونەی شیعری کوردیەتی :-

«بە شەمعی. مەعریفەت خانوی دڵم ڕۆشن نەکەم چبکەم
بە نووری عیلمی وەحدەت، بەدەن مەخزەن نەکەم چبکەم
لەبەحری مەعنەوی دوڕڕی مەعانی دەست گیروم‌بوو
بە دوڕڕی مەعریفەت ساحڵ هەموو گوڵشەن نەکم چبکەم
لە بادەی وەحدەتی جانان وەها سەرمەستی تەوحیدم
گوڵستانی هەموو عالەم ئەگەر گوڵشەن نەکەم چبکەم»

لەم شیعرانەی ژێرەوەدا ئیشارە بە تورکان‌و شەهادەتی خۆی‌و هاوڕێکانی دەکات :-

تیغی جەللادی بەدەست‌و دامەنی هیمەت بەبەر
کەس نەماوە نەی‌کوژێ وێستا کە خۆی غافڵ دەکا
مەزهەبت وایە ئەگەر عاشق بە تۆبم بمکوژی
یاوەلی ئیحسانە، بۆیە کاری خۆی عادڵ دەکا
شاهیدم تێر نابێ، بۆ قەتڵی شەهیدان دەم بە دەم
چبوە چاوی قاتڵە جەللادی خۆی واصل دەکا
شەربەتی شەهدی شەهادەت هەرکەسێ نۆشی‌بکا
واسڵی مەعشوقە ئەو، مەقتولی خۆی قاتل دەکا

سەبارەت بە گۆڕی پیرۆزی ئەو شەهیدە نووسەری وتار تووشی هەڵەبووە. چونکە جەنازەکەیان هێناوەتەوە بۆ گوندی غەوس ئابادو ئێستاش موریدانی ئەو بنەماڵە دەچنە زیارەت‌و گومبەزو بارەگای هەیەو تەکیەی ئاوەدانەو قۆناخی ڕێبوارانە.

بە سەرنج دانێ لەو چەند شیعرە کە دوو غەزەلە وە هەڵبژێراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە چ لەباری ئەدەبی‌و چ لەباری عیرفانەوە هاوتای موحوی‌و لە کۆڕی عەشقی یەزدانی‌و ئەوینی نیشتمانی، مەنسوری حەللاج‌و عین القضاتی هەمدانی کوردە، کە گیانی شیرینی فیدای ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی کردووە. غەزەلی هەوەڵی سەبك‌و شێوەی دارشتنی چەشنی غەزەلە بە ناوبانگەکەی مەحوی‌یە کە فەرموویەتی :-

«بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چبکەم»

بەڵام ڕێبازی تەریقەتەکەیان جیاوازە. مەحوی شاعیرو عاریفی نەقشبەندیە کە لە عاریفانی وەك - مەولانا خالیدی شارەزوری‌و مەولانای جامی وخواجەی عەتتارو شێخی سەعدی‌و شاهی نەقشبەندو دەیان‌و سەدان عاریفی شاعیری فارسی بێژە فەیزو بەرەکەتی ڕۆحی وەرگرتووە. مەلایانە ئەو گەوهەرانەی هۆنیوەتەوەو سۆفیانەو لە سەرەخۆ دەریای مەنگی بیری وردی شەپۆلی داوە. بەڵام شێخ بابای شەهید دەروێشی قادری‌و ڕێبواری ڕێگای سور خەلاتی وەك (محی‌الدین ابن العربی‌و عین القضات‌و سهروردی‌و مەنسوری حەللاج‌و ئاشق عبدالقادری کەیلانی‌بوە.

وەك بولبولی شەیدا چریکاندوویەتی‌و لە بازاری ئەشقی پیرۆزی یەزدانی‌و ئەوینی پاکی نیشتمانی شێرانەو کوردانە نرکاندویەتی کە دەڵێت :

«لە بادەی وەحدەتی جانان وەها سەرمەستی تەوحیدم
گوڵستانی هەموو عالەم ئەگەر گوڵشەن نەکەم چبکەم»

ئەو دەربڕینە لە قاموسی تەسەوف‌و عیرفان‌دا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو شاسوارە خۆی بە پلەی هەرە بەرزو لوتکەی -وەسڵ- گەیاندوەو لە گەل نوری خودا تێکەڵ بوەو توانای گەیشتۆتە رادەیەك کە دڵی وەك خونچە گولێ ڕێبوارانی دیکەش بە گەرمای ئەوینی یەزدانی بپشکوێنێ‌و باخچەی دەروونیان چەشنی گوڵشەن بڕازێنێ‌و بە وەسڵی دڵداری بگەیێنێ، بەڵام

ئەو خۆ بە خەڵك ناساندنو ڕازی نهێنی دەربڕینە لە قانوونی
عاشقاندا کوفرەو بەو تاوانە چەندەها ئاشق دڵسوتاو شارەزای
ڕێگا وەك مەنسوری حەللاج بە فتوای زانایانی ڕواڵەت بینو
حاکمانی بێ‌دینی دین فرۆشی هەڵواسراونو خوێنیان ڕژاوە . بۆیە
شێخ بابای شەهیدیش بەراشکاوی باسی شەربەتی شەهدی
شەهادەت دەکاو خۆی بەشۆرە شواری ئەو ڕێگایە نیشان
دەداو دەزانێ تاوانی ئەو تاوانە زمان برینەو بە سێدارەی
بێ‌دادی نەزانان هەڵواسینو شەربەتی شەهدی شەهادەت
نۆشینە . دەزانێ کە مەلەوانی دەریای بێ‌لێواری خۆشەویستی
-مەحەبەت- تافانی نەبێ بە عالەمی بەقاو ژیانی هەتا هەتایی
ناگات . بەلاّم بەسەر بەرزیەوە بەرەو پیری دەچێت :-

«لەسەرخۆ چوونە ، شەیدابوونە ، قورپێوانە ، سووتانە
هەتامردن - محبت- ئێشی زۆرە ڕێزی لێ ئەگرم»

دەزانێ چەشنی مەنسوری حەللاجو گیان بازەکانی دیکە ،
بۆ کوێ دەچیو ئاکامی چی‌یە ؟ ! ناترسیو مەردانە ڕێ
دەگریو ناپارێتەوەو پەژیوان نابێتەوەو نالێ :-

«سەزای کوفری (انا الحق)بوو کەوا مەنسور بێ‌سەربوو
بە ناحەق بێ - انا الحق- بۆ لە جێی مەنسوری سەردارم»

ئەوینداران بە -انا الحق - گوتن شانازی دەکەن و بە
کوفری نازانن . حەق وێژیو حەق ویستن بە حەق خۆیان
دەزانن و بە شانازیو تاسەوە هەناسەی بۆ هەڵدەکێشنو هیچ
کاتێ لەسە ختی ڕێگاو هێرشی پەیتا پەیتای نەفسو هەوا
ناسڵەمێنەوەو بەرەو ئاسۆی خوێناوی بەلاّم ڕوون دەڕۆنو
بایەخێ بۆ گیانی شیرین دانانێن .

شێخ بابای شەهید پزیشكو چازانێکی باشو شارەزای
نەخۆشیەکانی وڵاتبوەو لە گوڵو گیای کوێستانە بە فەرو
پرپیتو بەرەکەتەکەی کوردستانی ئازیزی کەڵکی وەرگرتوەو بە
هۆی ئەوانەوە نەخۆشیو برینی لەشی هاونیشتمانانی چاكو سارێژ
کردوەو بە سۆزی عەشقی یەزدانیو عیلمی تەسەوفو
عیرفانەکەشی هەتوانی دەردە دەروونیەکانی گەلی داوە . تەنانەت
بۆ لابردنی ناتەبایی‌و نێوان ناخۆشی‌ی میللیو ئاینی کە بە هۆی
دوژمنانەوە ببوە زامێکی سەختی‌ی کۆمەلاّیەتی ، زەحمەتی
کێشاوەو چۆتە نێو ئازەربایجانیو مەحەبەتو خۆشەویستی
خستۆتە نێوانیانو هێشتا لە شاری ئازەر شەهردا گومبەزێ بە
ناوی «گومبەزی شێخ بابا» ماوە . سەرەڕای ئەوەش
خۆش‌نووسو ئەدیبێکی ئەوەندە لێ‌هاتوو بووە کە تا ئێستاش
چەند نامەیەکی بۆ وێنەی خەت خۆشیو شارەزایی لەئەدەبیاتی
فارسی لە شاری تەورێز ڕاگیراوە .

نموونەی شیعری فارسی ئەو شەهیدەم دەست نەکەوت بە
خزمەت مامۆستا - مەلا ڕەحیمی عەبباسی - گەیشتمو باسەکەم
دامەزراند فەرموی کە دوو غەزەلی فارسیم لایە کە - دەروێش
سمایلی سەرمابردوو - بە دەنگە خۆشەکەی بۆی خوێندۆتەوەو
بەداخەوە ناتەواون . ئەوەندەی لە وزەمدابێ بە پێی توانای
کەمی خۆم بە کوردی شی دەکەمەوەو لەسەری دەڕۆم :- لە
دێری یەکەمدا دەفەرموێ ، هەمیشە بە دەورو بەری ماڵێ کە
هۆی مەستیو سەربەستیم پێك دێنێ ، یا پێکی هێناوە ،
دەگەڕێم ، چونکە عاشقمو مێشکم پڕ لە ئەوینەو بە شوێن
دڵدارمدا دەسوڕێمەوە . خانەی خومار لە قاموسی عارفاندا ئەو
شوێنەیە کە پیری تەریقەتی لێ‌یە مەبەستی ئەوە یە کەرابیتەی
یاری ڕاگرتوەو دڵی زیکری ئەو دەکاو بە چاو تروکانیش لێ‌ی
دوور ناکەوێتەوە . لە دێری دوهەمدا هۆی ئەو ئەوینە ئاگرینو
بە تینە بەم شێوەیە دەردەخاکە یار -خودا- خۆی لوتی کردوەو
هەر لە ڕۆژی بەرینەوە منیان لە شەرابی یەکتایە ڕەستی مەستی
هەتا هەتایی کردوەو بەو مەستیشەوە هێشتا بەوریایی دەگەڕێمو
ئاگاداری کارو بارم . مەبەست لە ئەزەل ئەو کاتەیە کە خودا
گیانی هەموو ئادەمیزادی کۆ کردۆتەوەو فەرمویەتی - الست
بربکم - . دەستەی بروا پێکەران بە جوابێ -بەلێ- کرنۆشیان
کردوە . ئەبەدیش ڕۆژی مەحشەری گەورەیە کە تەواوی
ئادەمیزاد زیندوو دەبنەوەو نامەی کردەوە بەسەریاندا دابەش
دەکریو چاکەو خراپەیان لێ مەعلوم دەبێ . شێخی شەهید

دەی لە ڕۆژی بەرینەوە بە پێکی عەشقی یارەوە مەستیان کردومو ئەو سەرە خۆشیە تا ڕۆژی قیامەت ناپسێتەوەو دوایی نایەت . بەڵام هەر وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ – پیاوی واهەن کە لە بازاڕی جیهاندا مامەڵەو سات‌و سەودان‌و کە چی دڵیان هەر لای خودایە – ئەو تاقە سەربەست‌و سەر مەستانە لە گشت دەورێکدا لە لایەن وشکە سۆفی‌و زانایانی ڕواڵەت بینەوە کەوتونەتە بەر لۆمەو توانج بۆیە هەموو کەسێ نەی‌توانیوەو نەی‌وێراوە ئەشقی خۆی دەربڕێ‌و بێ پێچ‌و پەنا بانگی سەرەخۆشی بدات بەڵام شێخ بابا بەڕاشکاوی هاوار دەکا کە ئەوەندە مەستم کە لە تانەو لۆمەی زاهیدی وشك‌و عالمی ڕواڵەت‌بین ناترسم‌و بێ ترس‌و خۆف لە بازاڕی ئەشق‌و مەستی‌دا دەگەڕێم ، هەروەها ئیشارەیە بەو وشکە سۆفیانە کە کاکڵی دین‌و مەبەستی بەرزی ئاین فڕێ دەدەن‌و توێکڵی ویشکی ڕواڵەت –ظاهر– لەبەرچاو دەگرن‌و تێگەیشتوان‌و پێگەیشتوانی عەشق‌و سەربەست هەراسان‌و جاڕز دەکەن تەنانەت شاعیرێکی غەیرە سۆفی بەڵام جوان پەرستی وەك حەزرەتی –نالی – دەهێنێتە نالین :–

«بڕوانە وشکە سۆفی‌و ڕەقسی بەهەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە»

بەڵام عاریفی شەهیدی ئێمە گەیشتۆتە ئەو قۆناغە کە لە تانەو لۆمەی ئەوانە باکی نی‌یە ، وەك .لە قورئاندا – باسی ئەو تاقە ئاشقە دەکا کە لە لۆمەکاران ناترسن :–

لە دێڕی چوارەم کە بە لای منەوە کەرتی هەوەڵی هەڵەیەو ڕاستەکەی ڕەنگە بەم شێوەبێ «نەدر کعبە شوم زاهد نەدر بتخانە شوم عابد»ە . بەهەر لەونێ بێ مەبەستی ئەوەیە بە غەیری یاری خۆشەویستی کاری بەکەس نەماوە . نە لە کابەدا عیبادەت دەکاو نە لەبێخانەدا بەڵك‌و بە شوێن یار لەو شوێنانە دەگەڕێ‌و هات‌و چۆیان دەکات هەر وەك عاریفێکی فارسی بێژ گوتویەتی «مقصود تونی کعبەو بتخانە بهانە» . ئامانج بە یار گەیشتنە ئیدی کابەو بتخانە بیانووە

لە دێڕی پێنجەمدا وەك ئاشقێ کە بە یار گەیشتبێ‌و لە کانیاوی –بەقا– تێراوبووبێ گەف لێدەداو لە پلەیەکی هەرە بەرزەوە لە لوتکەوە دەی گۆڕێ کە بە گوتنی وشەی –انا الحق – ئەو ڕاستیە دەسەلمێنم کە جێداری بەر حەقی مەنسوری حەللاجم‌و سەرداری ئاشقانم‌و سالاری ئەویندارانی شاو خاوەن دەسەڵاتی کیشوەری دەروون سووتاوانم ، مەقام‌و پلەی سەرداریش ڕۆیشتنی سەرداری پێ دەوێ کە وەك دەی‌بینن بەسەربەرزی‌یەوە هەڵاوەسراوی دەم‌بینن .

خوێنەری بەڕێز :– ئەوە هەڵبەستێ نیە کە شاعیرێکی ناسك خەیاڵ بە باڵای یاری نازداریا بۆ ڕەزامەندی شۆخی عەییار هەڵی بەستێ . بەڵك‌و ئەوە وێنەیەکی جەزبەو شۆڕی عاشقانەی مەولانای ڕۆمیە ، چەشنی داخی دەروون هەڵڕشتنی ڕەندانەو قەلەندەرانەی – حافزی شیرازی‌یە – قسەی دڵێکی پێکراو بە دوو تیرو زامار بە دوو شمشێرە . کە بە دارشتنێکی کوردانەو ساکار عاریفانەو زۆریش پڕ ناوەڕۆك لە ناخی دەروونی دێتە دەروو لاپەڕەی نامەرەش‌و خاکی نیشتمانی ئازیزی بە خوێنی گەش‌و ئاڵی دەڕەنگێنێ‌و ناوی پیرۆزی بە شانازەیەوە لە لاپەڕەکانی مێژوی ئەوینداران‌و نیشتمان پەروەراندا هەر دەمێنێ . ئەو چەن دێڕە ، غەزەلی دووهەمی داخی گرانم ناتەواوەو چەن جێگەشی نەخوێندرایەوە کە نوختەم داناوە لە پێشدا ، ئەوەندەمان کە بۆ ساخ بوەوە هەر بە شێوە فارسیەکەی دەی نووسم بەڵك‌و لای دەروێشان‌و دڵسۆزان تەواوی غەزەلەکە وەچنگ کەوێ :–

فرو رفتم بحر معرفت جاناخدا حافظ
شدم جویا برای در لایفناخدا حافظ
نهادم سر به خاك مقدم جانان شدم محرم
. . . . به کوی مظهر تور سیناخدا حافظ
جهان ماتحت خودم دیدم خودم مافوق عالمرا
نظر کن برخطاب سر کرمنا خداحافظ
. . . . که اند مجلس ساقی شدم محرم

. . . . . . سر شهر اعطینا خدا حافظ
بەمعراج مقام‌من ، من رانی بو سعیدم رفت
تجلی زد به کوەو شهر سینا خدا حافظ

له شێوەی دارشتنی ئەو شیعرانه دەردەکەوێ که له حاڵی شۆرو جەزبەدا وتراوەو هاوتای حاڵاتی مەولانای رۆمیو شەمسی تەورێزیه . له کاتێکدا فەرمویەتی ، که له گرتوخانەی عوسمانیەکانەوە بۆ گۆڕستانەکەی گوندی – کەرێزەی گڵی – براوەو له لایەن جەندرمەکانی عوسمانیەوە ئەتکی پێ‌کراوە ، گوایا له سەر تێکۆشان بۆ پێك هێنانی کوردستان له ئاین لای داوە . تارمایی کۆشكو قەلاّکەی سەرداری شەهیدی له پێش چاوە . بەلاّم سەرمەستی بادەی مەحبەتی یەزدانو گیانی فیدای نیشتمان نایەشۆکێو نالەرزێ ، رۆڵەی کوردەو دلێرەو نابەزێ ، دەزانێ که خوێنی پاکی خاکی کوردستان دەرەنگێنێ بەلاّم بەو پەری قارەمانەتیەوە حەماسە دەخولقێنێو به غەزەلێکی پر ناوەرۆکی عاشقانه نەریتی ماڵ ئاوایی بەجێ دێلێ . بەر له شیکردنەوەی غەزەلەکە سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو قانونه رادەکێشم که له قاموسی عاریفاندا وشەی ساکاری وەك ، یار ، دڵدار ، محبوب ، خاڵ ، چاو ، برۆ ، لێو ، بادە ، مەیو ساقیو هەر کامە مەعنای تایبەتیان هەیە . زمانی عاریفانی ئەدیبو نووسەر زمانێکی پر لەرەمزو کینایەیە . چونکه له ترسی لۆمەی وشکە سۆفیو زاهیدی رواڵەت بینو حاکمانی بە رواڵەت دیندارو لەپەردەدا بێدین ، ناچار بوون هەستی دەروونیان بەرەمز بگەیەننو بەلێ پرسینەوەی حاکمو دارۆغەو قازیو مەلا کۆتایی بێنن .

هەر لەبەر ئەو رەمزو کینایەتەیە که دەیانو سەدان کتێب سەبارەت به –تصوف–و عرفان به فارسیو عەرەبی نووسراوەو دەیان شەرحو حاشیە له سەر مەسنەویو مەولەویو حافزو کراوە . تەنانەت عاریفی شاعیر – شێخ محمود سبستری – مەسنەویەکی به ناوی –گلشن راز – بۆ شیکردنەوەی ئەو رەمزانه داناوە . له بەر ئەوە له شیکردنەوەی شیعرو پەخشانی شاعیرانی عاریف یا عاریفانی نووسەرو شاعیری وەك مەولانا خالدی شارەزووریو شێخ عومەر ضیاءالدینی بیارەو مەحوی گەورەو شێخ عبیداللهی شەمزینیو شێخ بابای شەهیدو . . هتد .

دەبێ ئەو قانونه لەبەر چاو بگیرێو ئارادەی پێویست ئاگامان لەو رەمزو رازانه بێ ، دەنا به هەڵەدا دەچینو به مەبەست ناگەین چونکه بازارەکە یەك بازارەو کالاّش ، هەر ئەو کالاّیەیە بازاری ئەشقو ئەوینەوشەورستە رەنگینه . بولبول به دیتنی سوورە گوڵ دەچریکێنێو شێر له بێشەلاّندا دەنرکێنێو ئاشق پێکراوی مژۆڵی یار دەناڵێنێ . ئەو باسە دوورو درێژە باشتر وایە نەختێ له سەر رازی عاریفێکی کوردی به هەق گەیشتوو له سەر هەق رۆیشتوو برۆینو بزانین کاتێ کەشێرە پیاوی مەیدانی خواپەرستیو زانای ئاینیو دەروێشی قادری دەگاتە ئەوپەری ئاواتو له پلەی –فەنا– تێ‌دەپەرێو له کانیاوی –بەقا–سەرمەست دەبێ . بەلاّم لەم دنیاش بێ ئاگا نیە . دەبینێ کوردستانە ئازیزەکەی بەدەست داگیرکەرانی رۆمو عەجەمەوە دەناڵێنێ ، دایکی نیشتمان بە گریانەوە هاناو هاواری بۆ دێنێ . لێرەدایە که قارەمانی زانا ، تەسەوفی وشکی رەهبانیو تەرکی دنیا فرێ دەداو پاڵەوانانە دێتە مەیدان و لەگەڵ حاکمانو دەستەلاّتدارانی سەقزو بانەو بۆکان پێك دێتو وادەردەکەوێ که شێخی نەمریش لەوکەینو بەینە ئاگاداری بووە هەر وەك له وتارەکەی رۆژی ١٥ی تەشرینی یەکەمی (١٩٢٢) له شاری سلێمانی فەرموی «ئەوەش بزانن بۆ ئازادیمان له گەڵ رووسەکانیشدا درێغیم نەکرد ، بەلاّم شۆرشی ناو خۆی کەوتە پێش ئاواتەکەی ئێمە» . گەلاّلەکە زۆر رێكو پێك بووە چونکه لەو سەردەمەدا له –سورکێو–ەوە تا سنوری بادینانی ئێرانی دەگرتەوەو ئەو ناوچەیەش له ژێر نفوزی شێخی شەهید – عبدالقادری شەمزینی – دابووە . بەلاّم بەختە رەشەکەی کورد پیلانەکەی تێك داوە .

مورشیدی تەریقەتی قادری ، زانای پایە بەرزی ئاینی ،

خۆش نووسو نووسەری بە ناوبانگ ، پزیشكو چارانیی ھاتوو شاعیری عاریفی زانا ، دلیٚ بەتیری ئەشقی یەزدانی پێكراو ناخو دەروونی بە قوڕی نیشتمان پەروەری شێلراو ، چاوی بە كلی سینای نووری خودا ڕۆشن‌كراو ، لە دووریانە ماوەتەوە ، یادەبێ دوژمنی لە گەلێ خەلیفەی ئیسلامدا بكاو یا كڕنۆشی بۆببا یا بەھانای دایكی نیشتمانەوە بێو ھەڵمەت ببا .

ڕێگەی پڕ خۆفو مەترسی گرتە بەرو ئێستاش ڕێبوارانی ئەو ڕێگە پیرۆزە بەردەوامە . شێخ بابای شەھید وەك بڕیاری دابوو كە تادوا ھەناسەی ژیانو تادوا تنۆكی خوێن بۆ ڕزگاری كوردستان گیان بازی بكات ، لەسەر ئەو بەڵێنە لەو كاتە بە ھەیبەتو سامەدا پێیان گوت ئەگەر بچێتە ژێر ئاڵای عوسمانی كڕنۆشی بۆ بكری ڕزگار دەبێ ، بەڵام عاریفی زاناو نیشتمانی پەروەری بە توانا ، بە زەردە خەنەیەكی پڕ ماناوە ئەو پێشنیارە سەر شۆڕانەی ڕەت كردەوەو وەك مامۆستای فیداكاران شیعری خودا حافزی لە گەلو نیشتمان ھۆنیەوەو فەرمووی :— ئەوا من چوومە قولاَیی بەحری بێ لێواری خوا ناسیەوە كە ئەو گەوھەرە نایابەی ھەر گیز نافەوتیٚو ھەر باقیەو بۆ ھەتا ھەتایە دەمێنێتەوە . ئیدی كارم بە دنیاو خەڵكی دنیا نەماوە خوداتان لەگەلێ . وامن سەرم نایە خاكی بەرپای یارو بووم بە مەحرەمو ھاوراز ، وەك حەزرەتی موسا لە كێوی سینادا تەجەللای خودای دەبینیٚ ، منیش لەو ژوانگەیەدا ھاودەنگی یارم . لە دێری سێیەمدا پەردەی مادی لە بەرچاو ھەڵگیراوە ، لەسەر ھەقبوەو بۆ ئەستاندنی ھەق ھەستاوە . بە ھەق گەیشتوە ، لە گەلێ نوری ھەق تێكەلێبووە بۆیە لەسەر سێدارەی عوسمانیەوە خۆی بە بەرزترین دادەنیٚو كە دنیا وەك شتێكی بێ نرخ لەبەر پێی داكەوتوە . ڕەمزی ئایەتی قورئانی پیرۆز – ولقد كرمنا بنی ادم» لەو پلەدا دەبینیٚ كە ئیشارەیە بە پلەی —صفوت—واتا پاكبوونەوە لە گشت گەردو تەپو تۆزی ماددیو لەو مەقامو پلەدا لە كۆری – ساقی – كە مەبەست زاتی – خودا – یان پێغەمبەرە «د.خ» بوومە مەحرەمو لە دەست ساقیو لە كانیاوی بەھەشتی – كەوسەر – تێراوو سەرمەستو سەربەست بووم . بە ڕەمز ئەتكی عوسمانیەكان دەكاو ڕای دەگەیەنیٚ كە وەجاخ كوێری دیناو قیامەت ھەر ئێوە داگیر كەرانی نیشتمانو خوێن ڕێژانی نائینسانن . ئێمەی بە ڕواڵەت كوژراو ژیانی نوێمان پێ دەبەخشریٚو ناومان لە دلّی نەتەوەو مێژوودا ھەر دەمێنێتەوە . لە دێری ئاخری ئیدی ھیچی تیا ناھێڵێتەوەو بە جاریٚ پەردە لەدەدا چوونە سەر سێدارەكەی بە میعراج دادەنیٚ ھەروەك پێغەمبەر —د.خ— لە میعراجەكەیدا زۆر شتی نھێنی پێ گوتراوەو بە چاو زۆر شتی بینی . شێخی شەھیدیش وشەی – من رأني بو سعید —ی بیستوەو نھێنیەكانی دیتوە . ئەو دەنگە ھەزار ئاھەنگە خۆشەی بیستوەو بەو ئەوینە پیرۆزەوە مەلی بەرزەفڕی گیانی بۆ ئەبەدیەت ھەڵفڕیوە ماڵێ ئاوایی لە گەل خواستوەو یارانی بە خودا سپاردوە .

خۆێنەرانی خۆشەویست : ئەوە قسەی گویٚ ئاگردانو گیرو گیڤی ڕۆشنبیرانو گەفو لافی شاعیرانو خۆ بادانی سەر شەقامو خیابان نیە . ئەوە بازاڕی گەرمی ئەشقو ئەوینی بەراستیەو گەرمترینو بێ بەھا ترین شت ، گیانەو بەخت كردنی ژیانە . چاو پۆش‌كردن لە ژنو مندالێو سەروەتو سامانە ، سەردانەواندن بۆ چەوسێنەرانو داگیركەارانی كوردستانە . بەداخەوە سەبارەت بەو كارەساتە دلێ تەزێنانەو ئەو كۆڕو كۆمەلێو ڕێكخراوانە نووسراوەیەكی مێژوویی نەنووسراوەو لە چلۆنایەتی سیاسیو ئابوریو كۆمەلایەتی ئەو سەردەمەو ژیانی ھاوریٚیانی شەھیدی شێخ بابا زانیاریەكی ئەو تۆ بلاَو نەكراوەتەوە چونكە قاتو قڕیو گرانیو سەفەر بەر كۆچو كۆچباری دەورەی گلاَوی عوسمانلی كارێكی وای كردوەكە زیندوان ئاواتیان بە مردوان خواستوە .

ئەگەر تەمەن ماوە بدات لەداھاتودا دیسان سەبارەت بە شەھیدانی دیكەمان دەدوێینو سەرتان دێشێنم ! .

شەھید حەمە حوسێن خان سەرداری بۆكان

بەر لە لێكۆلینەوەی ژیانی پڕ لە شانازی ئەو سەردارە

شەهیدە بە پێویستی دەزانم کورتەیەك لە چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو بنە ماڵە هەڵکەوتووە بنوسم .

بەڵکو شارەزایانی دیکەش تەو بنوێنن‌و ئەوەی نەمزانیوەو ئەوان دەزانن ، روونی بکەنەوەو بە مێژووی کوردوستانی پێشکەش بکەن .

بنەماڵەی سەرداران : ئەو بنەماڵەیە بە هۆی سەردار عەزیز خانی موکوری‌یەوە ناسراوەو دامەزراوە ، سەبارەت بە کەسایەتی‌و زانایی‌و لێوەشاوەیی‌و ئازایی ئەو سەردارە هەڵکەوتووەی سەردەمی خۆی بە چەند مێژووی زەمانی قاجارو هەروەها مێژووی دەسەلاتدارانی ئێران‌دا ناوی بە باشی‌و بەرزی براوەو رێزی لێ‌گیراوە .

کاك (محەمەد رەوف توکلی) بانەیی لە کتێبی (جوغرافیاو تاریخ بانە) بە زمانی فارسی بە کەلك وەرگرتن لەو سەرچاوانە دەنووسێ «عەزیز خانی سەرداری موکری لە پیاو ماقوولان‌و دەسەلاتدارانی بە ناوبانگی دەوری قاجەری‌یەکان وزاوای میرزا تقی خان ، امیر کبیر ، صدر أعظم (سەرەك وەزیران)ی ناسرەدین شایە کە لە سەرەتای پاشایەتی «محەمەد شاه»ی قاجار هاتە ریزی فەرمانبەرانی دەوڵەت‌و لە ناوەراستی پادشایەتی پادشای ناوبراو ، تانیوەی پادشایەتی ناسرەدین شا ، ووردە ووردەو پلە بە پلە سەرکەوت‌و زیاتر لە «٣٠» ساڵ کارگەلی گەورەی بەدەستەوە بووەو چوار رێیانی سەردار (لە خیابانی حافظ)و ئاوی سەردار لە تاران یادگاری ئەون ، عەزیز خان کوری محەمەد سلطان وەکو بیستوومە خاوەن موڵکی نەستان‌و سێ سێرو لەوی‌وە ماڵی هاتۆتە سەردەشت و عەزیز خان لە ساڵی ١٢٠٧هـ لە شاری زەردەشت لە دایك‌بووەو لە ساڵی ١٢٨٧ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە تەورێز دەمرێ‌و لە لای ئیمام زادە هەمزەوە دەنێژرێ . سەردار عەزیز خان کاتێ لە لایەن (صدر اعظم)ـەوە ئەرکی کوژاندنەوەی ئاگری (بابیگەری) لە زەنگانی پێ سپێردرا ، هەر لەو کاتەدا (ئەلکسەندەر نیکلاویچ) وەلی عەهد واتا جێگری ئیمپراطۆری روسی هاتە «قەفقاز» فەرمانی پێ‌دەدرێ کە بۆ راگەیاندنی پیرۆزبایی بچێتە لای‌و دیاری‌یەکانی شەهەنشای ئێرانی پێشکەش بکا .

سەردار ئەو ئەرکەشی بە باشی بەجێ هێنا ، (وابزانم لەو چاوپێکەوتنەدا عەلاقەی تایبەتیان پێك هێناوە) سەردار عەزیز خان پیاوێکی زاناو ئەدیب‌و خۆش نووس‌و ئازاو دلێرو جوامێربووە ، ئەگەر ژیان نامەی کۆ بکرێتەوەو لێ‌بکۆلرێتەوە مەعلوم دەبێ کە هەڵکەوتوویەکی کووردە کە لە نەداری‌و لێ‌قەوماویەوە دەستی پێ‌کردەوە ووردە ووردە سەرکەوتووەو بە پلەی هەرە بەرزی سەردار کوللی‌و فەرماندەری گشتی هێزەکانی ئێران (وەزیری بەرگری) گەیشتووە ، لە گەڵ بنەماڵە ماقول‌و کاربەدەست‌و دەسەلاتدارەکانی ئێران‌دا خزمایەتی‌و دۆستایەتی بەتینی پێك هێناوەو کوری وەك سەردار سەیفەدین خان)ی پێگەیاندوە کە ئەویش پیاوێکی زاناو لێ‌هاتوو بووەو بۆکان‌و دێهاتی دەوروبەری کریوەو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئاوەدانی کردۆتەوە .

لە لایەن حکومەتەوە نازناوی سەرداری‌و حکومەتی موکوریانی پێ بەخشراوە وەك بیستوومە سەردار سیف‌الدین خان کوری لێ‌هاتوو نیشتمان پەروەری خۆی واتا سەردار حەمە حوسێن خانی بۆ خوێند نی زانستی نیزامی‌و سیاسی‌و بۆ سەلماندنی دڵمەندی بنە ماڵەیی بە دزگای ئیمپراتۆری روسیای تزاری ناردۆتە پترسبۆرگ (لینین گراد) پایتەختی ئەو زەمانە ئیمپراتوری روسی‌یە حەمە حوسێن خان قەلای بۆکانی بە شێوەیەکی نوێ دروست کردەوەو ئاوی (حەوزی گەورەی) بە (تولپا) بۆ نێو حەوشی قەلا راکێشا کە لەو دەمەدا جێگای سەر سوورمانی خەڵك بووەو ئێستاش شوێنەواری ماوە هەروەها مزگەوتێکی گەورەو حەمامێکی بۆ خەڵکی درووست‌کرد .

سەردار حەمە حوسێن خان ، میرێکی دادپەروەرو بەزیبك‌بوو وەج‌و رەفتاری وەك شازادەیەکی زانای روسی‌یەو لە جوامێری‌و میوانداری‌دا وەك شوالی‌یەکانی فەرەنساوی‌بووە ، تاقی لاوانی هەڵبژاردووەو مامۆستای تایبەتی بۆ هێناون‌و فێری

مۆسیقای سووپایی کردوون ، مۆزیك و باڵەبانی سەرداری ۆکان ناوبانگی بۆ هەنداران ڕۆیشتووە . بە داخەوە شیعرو ـهەنگەکانی فەوتاون ، جل و بەرگی کوردی بە شێوەی سووپای ڕووسی یەك دەست و یەك ڕەنگ بۆ نۆکەران و کاربەدەستانی تیبەتی خۆی دروست کردوە .

سەرداری خوێندەوارو زاناو هەندەران دیتوو شارەزای سیاسەتی جیهانی خاوەن هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەربووەو بۆ سەر بەخۆیی کوردستان گەلاڵەیەکی زانستی یانەی دارشتووە ، بە ئاگاداری لە وەزعی نێوخۆیی دوو حکومەتی بەرباڵەت گەورەو بێ ناوەرۆك کە ڕۆم و عەجەمن کە یەکێ بە ناوی دین و یەکێ بە ناوی هاورەگەزایەتی گەلانی کوردو عەرەب و کەمایەتی یەکانی دیکەیان دەچەوسانەوە ، و بە شارەزایی ئەو ڕاستیە مێژوویی یە کە دەردی گەورەیی نەتەوەی کورد ، ناتەبایی و دووبەرەکی ناو خۆیەوەو دەرمانی یەکیەتی و برایەتی و نەهێشتنی ناتەبایی یەکانە .

سەردار بە دڵنایی لە پشتیوانی ئیمپراتۆری ڕوسی یە کە کوردستانی سەربەخۆو لایەنگری ئەوان ، بە قازانجی یانە بۆ بەدی هێنانی گەلاڵەکەی دەکەوێتە تێکۆشان و لە گەڵ زانای نیشتمان پەروەر شێخ عبدوالقادری شەمزینی پێوەندی دەگرێ و هاوپەیمانی ئەوزاتە گەورەیە چنگ دێنی .

لەو سەردەمەدا ، قەڵەندەرێکی دڵپاك و نوورانی کە تەریقەی قادری و پەروەردەی دەستی کاك ئەحمەدی سلێمانی و لەبنەماڵەی پیرۆزو ناوداری بەرزنجەیی گوندی غەوس ئاباد بە ناوی حەزرەتی شێخ عبدوالقادری گەیلانی یەوە ئاوەدان دەکات و تەکیەو بارەگای لەوێ دەبێ ، خاوەنی موریدێکی زۆرەو هەستی نیشتمان پەرستی بەتینە ، ئەو دوو عاشقی کوردستانەش واتا شێخ بابای غەوس ئابادو سەرداری بۆکان یەك دەگرن و پەیمان دەبەستن .

بۆ نەهیشتنی ناکۆکی و ناتەبایی و پێك هێنانی یەکێتی و برایەتی لە بەینی حاکمانی سەقزو بانەو ئاغاو دەسەڵاتدارانی موکریان و پەرە پێدان بە کۆمەڵەکەیان . سەردار دەکەوێتە تێ کۆشان و کچی خۆی لە کورە گەورەکەی (حاجی ئیلخانی) واتا مەحمود ئاغای حەمامیان مارە دەکات و بە ناوی چاوپێکەوتن و دیدەنی و میوانی هات و چۆی گشت لایەك دەکاو ئەوانەی کە ناحەزی یەك بوون ، دەیانباتە ماڵی یەکتری بە داب و نەریتی کوردەواری ، ئیدی ناخۆشیان نامێنێ ئەوانیش بۆ ماڵی خۆی کەدەزگای شاهانەو وەك حاتەمە بانگ هێشتن دەکا بیستوومە بە سوارەی بەشکۆو تایبەتی و مۆزیك و باڵەبانی سەر داری یەوە گەرەکیەتی بێتە سەقز ، سیف‌الدین خانی ئەردەلان حاکمی سەقز تا گوندی سەرا بەروپیری دەچێ و لە وەختی نان خواردنی نیوەڕۆ لە سەر بڕیارو ئەمری سەردار خزمایەتی لە نێوان حاکمی سەقزو حەسەن ئاغای سەرا پێك دێ کاتێك کە سوارێك خەبەری هاتنی سەردار لە سەراوە بۆ سەقز بە خەڵك ڕادەگەیەنێ ، خەڵکی شار بە ژن و پیاوەوە تا گوندی ساڵحاوا بەرەو پیری دەچن و بە خێرهاتنی دەکەن ، ئەوڕۆژە وەك ڕۆژی جەژن ، هەر شایی و خۆشی و هەڵپەرکێ بووە لە سەر ئەمری سەردارحەمەخانی بانەیش دێتە سەقزو لەلایەن سیف‌الدین خانەوە میوانداریەکی شاهانەیان لێ دەکرێ . پاش چەند ڕۆژێك سەردارو سیف‌الدین دەچنەوە بۆ بانە .

بیستومە کەلەو زەمانەدا ڕەسم وابووە کە جوولەکە نیشانەیەکی (شین) بەسەر شانیانەوە بێ کە لە ئیسلام جۆی بینەوەو سەرانەیەکی تایبەتیش بدەن بەڵام سەرداری ئازادیخواز ئەو ، داب و سەرانەی لەسەر مووسایی یەکان لابردووە وەك برایەکی خۆی تەماشای کردوون .

ئەو گەڕانە سیاسیانەی چەند ساڵ بەر لە شەڕی جیهانی هەوەڵ بە توندی لە لایەن کۆمەڵانی نەتەوەی کوردو کەمایەتی یەکانی دانیشتووی کوردستان پشتیوانی لێ دەکرا و ناوی بەرزی سەردار وەك پێك هێنەری ئاشتی و داد بەرێزەو دەبرا .

لە باری کۆمەڵایەتی یەوە شەڕو کێشەو تالان و بڕۆ بەجاری فەوتابوو ، لە باری ئابووریشەوە بە هۆی ئارامیشەوەبازرگانی

رەونەق پەیدا کردو لە گشت لایەکەوە ، لە موسڵ و کەرکوك و سلێمانی و تاران و تەورێزو هەمەدان و زەنگان و دیار بەکرو ئەرەزروم و وانەوە بازرگان بە ئەمینی و سلامەتی دەهاتنە مەهابادو سەقزو بانەو بە قازانج و بە خۆشی دەگەرانەوە کشت و کاڵ و ئاژەڵ داری بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوت و داهاتی گوندنشینان چووەسەرەوە .

مەسەلەی کوردستانی سەربەخۆ بە رواڵەت تەواوو هۆیەکانی ئامادەببوو رۆم و عەجەم بێ یارمەتی کوردی نیشتمان فرۆش توانای شەریان نەبوو ، بەو یەکێتی و خزمایەتیەش کە پێك هاتبوو نیشتمان فرۆشێکی واناودارو بە دەسەلاتیان بۆ نەمابوو کە بتوانی کارێکیان بۆ بکات ، چونکە ئەگەر عوسمانی بیویستایە هێرشیان بێنێتە سەر ، دەبوو حکومەتی ئێران رازی بکات ئەو کاتەش ئەگەر لە باشورەوە هێرشی هێنابا ، کوردەکانی تورکیاو لەسەر ئەوانەوە بنە ماڵەی پیرۆزی شەمزینی بەرهەڵستیان دەبوون عەسکەری تورکی ماندو شرو شرۆڵ بە تەنیا کارێکی پێ نە دەکرا ، ئەگەر لەلای باکورەوە هێرشی هاوردبا ، خۆ شێخ محمودی بەرزنجی یاریەی نەدەدان ، بەلام لە بەختی رەشی کورد لە ساڵی ١٩١٤ زاینی شەری گەورەی جیهانی دەستی پێ کردو حکومەتی عوسمانی بە یارمەتی ئەڵمانی قەیسەری دژی رووس و بەریتانیا چووە نێو جەرگەی شەرەوەو لاپەرەی مێژوو هەڵگەرایەوە . سوڵتانی عوسمانی بە ناوی خەلیفەی ئیسلام و جێ داری پێغەمبەر (د.خ) بانگی جیهادی داو شەری کوفرو ئیسلامی بە تەواوی موسوڵمانان راگەیاندو داوای لە گشت موسوڵمانان کرد کە بۆ پەرەپێدانی ئایینی ئیسلام و راگرتنی حکومەتی ئیسلامیەوە دەبێ بچنە شەرو لە ژێر ئالای خەلیفە رابجەنگێن و بکوژرێن و بچنە بەهەشت ! ! ! تەنیا ئالاکەی پێغەمبەر دێنمە دەر . ئەو راگەیاندنەی غەزاو جیهادە کاری خۆی کرد . کۆمەلانی دڵپاك و ساویلکەو بێ ئاگا لە فرۆفێڵی سیاسەت بە گشتی ئامادەی غەزابوون ، مەوعیزەی مەلابوو بە باسی ئەجری غەزاو تاریفی خۆشی بە هەشت و جوانی و رازاوەیی حۆرییەکانی کە بە هەزاران ئامادەن و چاوەروانی شەهید دەکەن ، بیستومە کە سۆفیەکی ساویلکەی بانەی تەنیا (باسقەندە) یەکی دار بەلالۆکی ئەستوورو درێژی دەبێ ، لە کاتی مەوعیزی مەلا دێتە جۆش و بەگریانەوە دەڵێ (یاشەهید دەبم ، یابەم باسقەندەیە لە دەروازەی مۆسقو دەدەم و ئەوەندە تالان دێنمە وەبەشی حەوت پشتم بکا) لەو هەول و مەرجە دژوارەو لە گەڵ ئەو هەستە بەتینە بێ هەوسارە ، دژایەتی لە گەڵ حکومەتی ئیسلام بۆ هیچ کوردێك نەدەکراو سەرداری زاناش چاوەروانی هەل ، بەرواڵەت بێدەنگ دانیشت .

کاربەدەستانی عوسمانیش تەنیا لە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینی گەلانی موسڵمان وەستابوون و توانیان بە قازانجی گلاوی خۆیان ئیسلام بکەن بە بیانوو مشایخان و مەلاکان هان بدەن و بیان هێننە ، کۆری غەزاوە ، کۆمەلانی میلیونی گەلانی کوردو عەرەب وەشوێن خۆیان راکێشن .

خوێنەری بەرێز ! رەنگە لێرەدا تۆیش تووشی بەراوردکاریەك هاتبی و وەزعی ئێستای کۆماری دژی ئینسانی و بە ناو ئیسلامی ئێران ، هاتبێتە بەرچاوت ، ئەوە تاوانی من نی یە ، کارەساتی مێژووە ، بزانین حیزب و تاقەکەی سەرداری شەهید چیان کردو وەزعیان چۆن هەڵسەنگاندوە ، لە ناوچەی موکریان داچی قەوماوە چی هاتوەتە مەیدانی سیاسەت ؟

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستیە کە وەزعی حکومەتی تاران وەك حکومەتی عوسمانی وە بگرە زۆر زیاتریش شپرزەو شپریۆبووە . بنەماڵەی بەرتیل خۆرو نازناو فرۆشی قاجاری بە هۆی پەرەپێدانی دەرەبەگایەتی و فرۆشتنی ئیمتیازات بە بەریتانیاو روسیای تەزاری وەك نوێنەرو کوێخا بە ناوی شاهەنشاوە حکومەتیان دەکرد .

سەرداری شەهید بە هۆی دۆستانی وەك (ئەمین الدولة) باوکی دکتور عەلی ئەمینی و ئەوتاقە بە دەسەلاتەی کە لە مێژووی ئێراندا بە «روسوفیل» ناو نراون ئاگاداری وەزعی حکومەتی بێ ناوەرۆکی شاهەنشابووە .

لاموایە نەخشەکەیان وابووبێ کە لە کاتی دیاری کراودا بانگی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕاگەیەنن و حکومەتی ڕوسیای تەزاریش بە ڕەسمی بنیاسێ و پەیمانی یەکێتی لە گەڵ دابەستێ و ئەگەر پێویستبوو یارمەتی سووپای بدات ناوچەی بادینانی کوردستانی ئێران بە هۆی لەشکری جەلالی و شکاك و لەشکری شیخ عبدالقادری شەمزینی و لەشکری سەرداو هاوپەیمانانی لەمەهابادو بۆکان و سەقزو بانەو تیلەکۆ‌واوێ دەچێ ئەردەلانەکانی سنەش بە هۆی سیف‌الدین خانی ئەردەلانەوە بڕیاری هاوکاریان دابێ ، کوردستان لە ئێران بە ئاسانی جوێ بکەنەوە چونکە سەردارو هاوەلانی بە باشی دەیانزانی کە حکومەتی تاران بێ هاودەستی و یارمەتی کوردە نیشتمان فرۆشەکان نەی توانیوە بە سەرسووپای کوردا زاڵ بێ دیارە سام و شکۆی ئەو دەستە بە هێزە ئەوەندەبوو کە لە خەیانەتی نیشتمان فرۆشان تارادەیەکی زۆر دڵنیابن .

بەڵام بە داخەوە ڕوو دانی شەڕی گەورەو هاتنە مەیدانی مەسەلەی (غەزا) ئەو پرۆژەو گەلاڵەیەی تێكداو عومەر ناجی بەگ فەرماندەری گشتی سووپای تورکان لەم بەشەی کوردستانەوە زۆر زیرەکانە کەڵکی خراپی لە ئایین وەرگرت گەرچی حکومەتە شرەی تاران بێ لایەنی خۆی لەو شەڕە سامناکەدا ڕاگەیاندبوو . بە گوێرەی قانوونی نێو نەتەوایەتی دەبوو وولاتەکەی بپارێزرێ و نەبێتە کانگای شەڕ ، بەڵام هەر لە هەوەڵ ڕۆژی شەڕدا سوپای عوسمانی کەوشەنی بڕی ولە سنورتێ پەڕی لە باشوورو باکورەوە ناوچەی شکاك هەرکی و شنۆو لاجان و مەهابادیان گرت و لە سلێمانیشەوە بە دوو قۆڵی هەم لە مەریوانەوە بۆ لای سنەو هەم لە بانەوە بۆ سەقزو موکریان ، هێرشیان هێناو بە ناوی غەزاوە دەستیان بە کوشتن و تالانکرد ، سوپای ڕوسیش ئازەربایجانی گرتەوەو تەورێزی گرت بە ناوەندی فەرماندەری .

وەکو گوتمان عومەر ناجی وەك دەرسی لە لای مەلای خەتی خوێندبێ دینی‌کرد بە قەڵغان یا پەیژە بۆ مەبەستی سیاسی و نیزامی بابی عالی . کوردی بەڕاستی موسڵمان و ساویلکە بە بڕوای بەتینی‌یەوە بۆ چوونە بەهەشت لە عەسکەرە شرەی خەلیفە بە پەلەترو بە لەزتربوون . دەگێرنەوە کە عومەر ناجی بەگ دەچێتە لای جوامێر شاعیری شەهید (قازی فەتاح) کە فەرمانی جیهاد بە خەڵکی شارو عەشایری دەوروبەری مەهاباد بدات بەڵام قەولی ناداتێ ، فەرماندەری فێلاوی بۆ بەیانی پیاوماقوڵ و مەلاکانی دەم ڕاستان و ڕیش سپی‌یەکان بۆ مەحکەمەی قازی موحسن بانگ دەکاو قازی فەتاح ناچار بە بەشداری لەو کۆبونەوەیە دەکات ، ڕۆڵەی ئازاو بەوەجی کورد قازی فەتاح دەڵێ ئێمە وەك دەوڵەتەکەمان بێ‌لایەنین و شەڕی ئیمپراتۆری ڕوس بە ئێمەی بێ چەك و تفاق ناکرێ و دەرەقەتیان نایەین ، حاجی ئەحمەد باوکی حاجی ڕەحمەتی شافعی پشتیوانی لە قسەکانی قازی فەتاح دەکا بەڵام دەستەی تورك خوازو تاقمێکی زۆری ساویلکەی ئاشقی بەهەشت قسەی لە دەم دەبڕن و بە جەزبەو حاڵ و گریانەوە بڕیاری غەزا دەدەن ، ئیحساسات جێی مەنتق دەگرێت و قازی فەتاحیش چاری نامێنی ، لەوزەستانە سەختەدا شەڕ دەست پێ‌دەکات و لەشکری عوسمانی پاش چەند سەعات پاشەکشە دەکەن و ڕوسەکان سابلاغ دەگرن و کوشتارێکی سامناکی لێ دەکەن و تالانیشی دەکەن لە ساتەکانی ئاخری شەڕدا جوامێری شەرەفمەند قازی فەتاح شەهید دەبێ .

لەو هەل و مەرجەدا بووە کەیاسەردارو شێخ بابا پیاویان ناردوە یا ئەمرەکە لەلایەن ئیمپراطۆرەوە گەیشتووەتە تەورێزو بۆ ڕاگەیاندنی مەبەستێکی هەرگرینگ لە تەورێزەوە تەتەرو قاسیدی بەرەو بۆکان وەرێ دەکەوێ ، ئیدی مەعلوومنی‌یە چۆن بووە کە ئەو پەیامە دەکەوێتە دەست عومەر ناجی بەگەوە کە لە سەقز دەبێ و دەس بەجێ سیف‌الدین خان دەگرێ و ڕەوانەی مەراغەی دەکا ، ئەفسەرێك بۆ بانە دەنێرێ کە بە گورجی حەمەخانی یونس خان گوللەبارانکەن ، ئەفسەرێکی دیکەش دەنێری و سەردار لە بۆکان دەگرن ئەویش بۆ مەراغە بەڕێ دەکەن و هەردوکیان لەوێ شەهید دەکەن ، تەرمی

پیرۆزیان دەهێننەوە بۆ سەقزو بۆکان .

سەرداری شەهید کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەردار عەلی خان کە وەجاخ کوێر بووەو بە . مردنی ئەو تۆماری بنەماڵەی سەردارەکانی موکریان پێچرایەوە .

سەبارەت بەبنەماڵەی سەردارانی موکریانی زۆر پرسیارم بۆ هاتۆتە پێش‌و هەرچەندە تێکوشاوم نەم توانیوە وەلامی دەس خەم ، هیوادارم لاوانی تێکوشەرو نیشتمان پەروەری موکریان ، کەم‌و کوری‌یەکان پڕکەنەوەو بتوانن مێژووی ئەو بنەماڵەیە بۆ ئاگاداری نەتەوەی کورد بنوسن .

دەزگای شێوە میری (سەردار)ی بۆکان بە هۆی عەسکەری رووت‌و برسی حکومەتی خەلیفەی ئیسلام تالان‌کراو هەر لەئەسپە رەسەن‌و تایبەتی‌و زین‌و بەرگی نایاب‌و بەزێڕو زیو نەخش‌کراو ورەختی زیوینی ئەسپەکانەوە تا فەرش‌و مافورە بێ وێنەو شاهانەی بەگشتی بەش‌و رەش‌کرا ، بەلام ئەوەی زۆر جێی داخەو برینێکی ناسۆرە کە هەرگیز ساڕێژ نابێ‌و خەسارێکی گەورەی ئەدەبی کوردە ، تالانی کتێبخانە بە ناوبانگەکەی سەردارە ، بیستومە کە سەردار زۆری حەز لە کتێب خوێندنەوەو راگرتنی بووە ، سەدان کتێبی فارسی‌و عەرەبی‌و کوردی دەسنوسی بە بەهای زۆر کڕیوەو خۆش نووس‌و دەنگ خۆشی خۆش ویستووەو نەوازشی کردوون .

شانامەیەکی دەسنووسی هەبووە کە شەڕو شۆڕەکانی تێدا نەخش‌کراوەو زێڕ گفت‌و سورنج‌و زۆرەنگی دیکەرەنگ کراوە کە لەو زەمانەدا هەزار زێڕ خەرجی هەلگرتووە .

کردەوەکانی شەهیدی سەربەرز هەمووی ئامۆژگاری بۆ نەتەوەی کوردە ، هەر ئەوە کە کەوێکی بە ناوبانگی بە چل زێڕ کڕیوەو بە گورجی ملی هەلکەندوەو فڕێ داوەو فەرموویەتی . کە سێ هاورەگەزی خۆی بخاتە داوی دوژمن نەمانی باشترە . پەندێکی گەورەو بەنرخە ، شاعیران‌و زانایان لە لای سەردار ماقول‌بوون‌و رێزی لێ گرتون‌و دەیان مەلای چاک‌و سەدان فەقێ بە خەرجی سەردار پێ‌گەیشتوون .

رەخنەو لێکۆڵینەوە

لێک ترازان و

«ئەم نووسینە تێبینی‌و سەرنجی تایبەتی خۆمن . ناچنە خانەی رەخنەوە»

گۆتەیەک هەیە دەلێ : «هەر کتێبێک کە چاپ کراو بێ چەندو چۆن لە سەر کردن ، چووە نێو کتێبخانەوە ، ئەو کتێبە بە کتێبێکی مردوو دەژمێردرێ» ئەو قسەیە ئەگەر بۆ بازاری ئەدەب‌و رەخنەی هەر نەتەوەو ولاتێکی تر راست‌و لە جێ بێ ، ئەوە بۆ ئەمرۆی ئەدەبی کوردی نابێتە یاساو ناتوانین بەو چاوەوە تەمەشای کتێبی کوردی بکەین . سالانە چەندین کتێبی باش دەکەوێتە بازار . . چ لە دانراوو کۆ کراوە چ لە وەرگێڕان . بەشی زۆریان هەلدەگرن لە سەریان بنووسرێ‌و هەلبسەنگێندرێن ! بەلام وەکو دەبینین ! ئەو کتێبانە بە کرێ دەچنە نێو کتێبخانەوە .

هەتا چەند رەخنەگرێکی لێ‌هاتووی کورد پەیدا دەبن‌و دەتوانن ، لە سەر رێبازێکی زانستی رەخنەی کوردی بێننە کایەوەو رێبازێکی رەخنەیش تایبەت بە ئەدەبی کوردی‌سەر هەلدەدا ، خراپ نیە نووسەران خۆیان بارو سەرنجی تایبەتی خۆیان لە سەر بەرهەمی یەکدی بلاوبکەنەوە . با ئەو نووسینانەش نەچنە خانەی رەخنەی زانستی‌و لە سنووری رای